# کەرکوك و ناوچە بەعەرەبکراوەکان

## کاوێز مەلا پەروێز

کەرکوك ئازاد کرا----لەرژێمی بەعس ئەورژێمەی زۆرداری وزولمی لەئاستێکدا بوو مرۆ دەخاتە خانەی گومانەوە، هەر ئەو زولمە بوو گەیاندی بەم رۆژە کە پیاوانی دەستڕۆیشتووی بەعس بەسەدامی سەرۆکیانەوە فیرار بن .

ریگای رەحیم ئاوا بگرەو بچۆرە نێو شاری کەرکوکەوە دەزانی چەزالمێك حکومی ئەم شارەی کردوە، رێگای ئیسکان وئازادی بگرە بچۆرە نیو شارەوە دەزانی ئەم شارە چەند هەژار بووە؟!

سەربوردەی تالی رۆژانی حکومی عەفلەقیەکان لەکەرکوك سەربوردەیەکی سەرسورهێنەرە ناشمەوێ سەربوردەی تالی ئەو رۆژانە شەن بکەم کەرابردن، گەرەکمە قسەیك چرپێنم بەگوێ روناکبیران وسەرمایەدارانی ناوەوەی وولاتو دەرەوەی وولات کە چی بکرێ کورد دەتوانێ قۆناغ بەقۆناغ ئاساواری تەعریب لە کەرکوك نەهیلێ وسیمای کوردێتی بۆ ئەوشارە بگرێنێتەوە، کورد چۆن دەتوانی خزمەتی ئەو شارە بکات کە کرۆکی مەسەلەی کوردە ؟

پۆچونی خۆمبە چەند خالێك وا دەخەمە روو :

١. پیویست دەکات کورد بە توێژو کۆمەلی جیاجیاوە بەسەرجەم رەنگ ولایەنە سیاسیەکانەوە وەگوکورد لە خزمەتکردنی شاری کەرکوك بیر بکەنەوە بەیەك دڵ ودەست خزمەتی بکەن .

٢. هەموو لایەك دەزانین شاری کەرکوك وباقی شارکانی تریبە عەرەبکراویکوردستان بە بەرنامە رێژی لە هەموو روویەکی فکری تاك وخیزانی کورد، زەوی وزاری ،کلتوروکورد، هید---- تەعریب کراوە جیا لەچەوساندنەوەی دانیشتوانی، بۆیە سانانیە هەروا بتوانین سیمایکوردێتی بۆ شارە تەعریب کراوەکان بە بارەگای حزبەکان بگێرینەوە ئەگەر بەبەرنامەی تۆکمەو یەك هەڵویستی کار نەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی لادێ خاپورو داگیرکراوەکان کەزۆرن؟ شارو شارۆچکەکان کەئاسەواری تەعریب خنکاندوونی.

٣. لەبواری رۆشنبیری دەکرێ کاروپرۆژەی زۆر گرنگ بەجێ بەگەیندرێ لە ناوشارودەرەوەی شارەکانی بەعەرەبکراو، من زەند دەکەم سەنتەریکی رۆشنبیری کاریگەری زور زیاتر بێت لە بارەگاکانی لق ومەلبەند.

٤. گرنگی دان بە وەرزش وچالاکی هەمەجۆری بواری وەرزشی،

٥. پەروەردە کەگرنگترین ئەرکی دەسەلاتی کوردە لەسالی ئایندە قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆ لەکەرکوك وناوچەکانی تری تەعریبکراو بکاتەوە خەلك هانبدرێ لەقوتابخانە کوردیەکان بخوێنن.

٦. پرۆژەی سەرمایەداری کە زیاتری ئەرکی کوردانی دەرەوەی وولاتە کەسەرمایەی خۆیان لەوشارە بخنە کارەوە دەسەلاتی کوردی دەبێ رێگا خۆشکەر بێت بۆ هەمووبوارەکانی سەرمایەگوزاری لە شارە بەعەرەب کراوەکان .

7-هاندان و رێگا خۆشکردن بۆ گەرانەوەی دەرکراوانی ناچە بەعەرەبکراوەکان و دابین کردنی شوێن وکار بۆیان کە ژمارەیەکی زۆرە .

ئەرکی هەر تاکێکی کوردە کەپشکی خزمەتی هەبێت لە ئاوەدنکردنەوەی کەرکوك وشارە بەعەرەبکراوەکان بۆیە هەولی دڵسۆزانەی کوردی پێویستە بۆ بەکوردی کردنەوەی شارە بەعەرەبکراوەکان .

k_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.